# ڕاپۆرت لەبارەی خۆمەوە

**دڵشاد عەبدوڵلا**

دەتەوێ بزانی من چۆنم؟ بە تایبەتی دوای تەمەنی
شەست ساڵی
ئەوەی لەبارەی خۆمەوە دەیزانم تۆزقاڵێکە
ئەوەی لەبارەی ئەو تۆزقاڵەوە لێم ڕوونە،
بەشی ئەوەندە دەکا جورئەتی سوقراتم هەبێ
بۆ هەڵدانی پیاڵەی ژەهر
بە ناچاری ڕوو نەکەمە شوێنێکی تر.

ئەوەی خەونم پێوە دیوە زۆرترە،
لەوەی فریای خەون نەکەوتووە.
لەو خەونانەش چەند دانەیەکی کەمیان هێشتا نەگلاون.
گلەییم لێ مەکەن ئەی دۆستان!
ژیانم بەو چەند خەونەوە ماوە
کە هێشتا فەریکن،
ساڵانێکی زۆرتریان دەوێ بۆ پێگەیین.

لە هەموو ئەوانەش وابەستەتر بە ژیانەوە،
نووسینەکانمە
وەک باڵندە لەسەریان کڕکەوتووم،
دڵنیا لەوەی هەندێکیان هەر دەترووکێن.

لە شەست ساڵییەوە ئیتر پێویستت بە داهاتوو
نامینێ
هەموو زەمەنەکان دەتوێنەوە لەو چرکانەی،
لەگەڵ خۆتدا بەسەریان دەبەی.
ئێ! لە شەست ساڵی لێوانلێو لە گومان زیاتر
بۆ ئەوەی تێبگەی هەموو حەقیقەتەکان هەسارەی
ناجێگیرن،
بە دەوری خۆرێکدا دەسووڕێنەوە کە خۆتی.



**بەرانبەر خۆم**

کە تەماشای پەیکەرێک دەکەی
هارمۆنیای زەمەن دەبینی بەسەر میتاڵەوە غەمگین
هەتا ڕەنگی سەوزباوی ژەنگیش فریای چەشە دەکەوێ،
ئەوە نیشانەی ئومێدە بەدەست هونەرەوە.
وشەی منیش لەوە بێ ئومێدتر نابێ،

بێ ئەوەی پێ بزانم ڕەنگی پەرکەمی ڕۆژەکانی گرت
خەمناک نووساوم بەو ڕەنگە پەرکەمییانەوە.
بەو وشە خەمناکانە ڕستەی شکۆدار دەنووسم
دڵی خۆم دەردێنم دەیخەمە ئاسمانی پەیکەرێک
ڕۆژێک، بەڕەوای ئابینن بۆ منی دانێن لە شارێک.

**کە نەخۆش کەوتی**

ئەو شەوەی نەخۆش بووی
هەرچی وشەی ناو فەرهەنگی شیعر هەیە
لەسەر کاغەز نەخۆش کەوت
هەرچی پەرداخی شەرابە لە مەتبەخ
کە تۆ بە ئاسکی دەتشووشتن
بە شەرابی ئاویشیەوە نەخۆش کەوت
هەرچی گوڵی ناو ئینجانەی ماڵەکەمانە
کە بە مەسینە مسینەکەوە دەنووشتایەوە بۆ ئاودانیان
نەخۆش کەوت
دەنگی مەلا لە مزگەوتەکەی نزیکمان کە قەرییول فەرەجی
دەدا، نەخۆش کەوت
ئاوێنەی ژووری نووستن کە تۆی تێدا دەرنەکەوتی نەخۆش
کەوت
ئەستێرەی تاک تاکی جێماو لە سەفەری هەورەکان
چرای کزی دەم وەنەوزی شەقامەکان نەخۆش کەوت
ئەو شەوەی نەخۆش بووی
هەموو ئەو شتە هاوبەشانەی نێوانمان،
وەکو ئەوەی هەموویان بەشێک بن لە تۆ، نەخۆش کەوتن.

**بصریاثا**

شەتی عەرەب غەمگینە وەک دارخورماکان
وەک خانووە نزمەکانی کەنار
وەک دشداشە لەبەرەکەی ناو بەلەمێکی کۆن
کە بۆ گەشتێک بەناو شەتدا
داوای چەند دینارێک دەکا
هەر هێندەی بەشی سک تێربوونی خێزانێکی هەشت
نۆ کەسی بکا
بە نانی ڕووت!
لەناو بەلەمێکی کۆندا
خۆڵەمێشی بەلەموان و غەمگینی ئاو
ناوونیشانی کتێبێکی محەمەد خضیریان هێنامەوە یاد:
بصریاثا !

**وەک ئەوەی مردبێ**

وەک ئەوەی مردبێ لە ڕستەیەک دەگەڕێم بۆ سەر کێڵی.
ئەو ئێوارەیە،
تەنیا باران بۆی گریا بە دڵۆپی وردی
تەنیا زەردە چەمایەوە بۆ ناشتنی
خەریک بوو قەبرغەی بشکێ کە کەوتە باوەشی خاکەوە،
لەبەر زەعیفی.
وەک ئەوەی مردبێ لە گۆڕەکەی دەگەڕێم.
ئێوارەیەک ئەویش بەو ڕێیەی مەسیح دا ڕۆیشت .
دوای ساڵانێک، لە شەقامێکی گشتیدا
سەیارەیەک دەوەستێ، کەسێک بە جانتای سەفەرەوە
دادەبەزێ
خۆیەتی!
هەمووو جارێک ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە
دڵنیام دەگەڕێتەوە،
ئەوەی بە دڵ خۆشمان ویست.

**یادی ئێوارەیەک**

ئێوارە، ویستی سەرخەوێک بشکێنێ.
لە مزگەوتێک بە ئاوی شلەتێن شووشتیان و نوێژی
مردوویان لەسەر کرد.
لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بەتەلقین نییە
ئێستا دوو مەلائیکەت دێن..
بۆدڕیان هەراسان کەرە!
دەیەوێ لێیان دوور بکەوتەوە قاچی زەوی ناگرێ
ئەهای ئەهای .. دوو تاجی ڕاوی دەنێن
شمشێرەکان دەبارن
قەنارە دادەخەن.. لەو خەوە بە ئاگا دێ.
بۆنی خودای دێتە گیان
بۆنی خودا و بۆنی مردن چەند جودان
لە بەر پەنجەرە تێر هەوا هەڵدەمژێ
دەمارەکانی گەش دەبنەوە، تێدەگا
مەرگ ئەوجارەش زەفەری پێ نەبرد
بە دڵێکی خۆشەوە ڕێی مەیخانەی گرتەوە بەر.

**هەولێر ٢٠١٧**